

# درەوشاندنەوەی مەحاڵ

ئارام کاکەی فەلاح

هەبوو نەبوو، دەوڵەمەندێکی شار کوڕێکی هەبوو، هیچ لە خۆی نەدەچوو. ئەم هەتیوەی من شتێکی بۆ نەکەم لەبرساندا دەمرێ. ئەم کوڕە حەزی لە پێکەوەنانی سەرمایە نەبوو، بیری لە پارەکانی باوکی نەدەکردەوە، بیری لە قات نەدەکردەوە، چ جل بێ چ کۆشك و خانوو. حەزی لە چیرۆک و بەسەرهاتەکان بوو، بە هەفتە داتبنایە لە گوێگرتنی حیکایەتەکان ئۆخەی نەدەکرد و ماندوو نەدەبوو. تەنانەت کە دەشنووست هەر خەونی بە سەرگوزشتەکانەوە دەبینی. خەونەکانی پڕ بوون لە حیکایەت، پڕبوون لە دێو و درنج و نهێنیێکانی ئەشکەوتی حەوبرا، نەخشەی شاردراوەی ژێرزەمینی ئەسحابەسپی، نەخشەیەک کە بێ سێ و دوو دەتگەێنێتە مەملەکەتەکانی حەوت ئاسمان. حەوت جانتای نهێنی و حەوت باوەڵی پڕ خشڵ و زێڕی ونبووی بن دارتووە سووتاوەکە، دارێک کە لەمێژە بڕاوەتەوە و کەس شوێنەکەی پێ

نازانێ کوێرێک نەبێ، کە لەمێژە کوژراوە و حەوت کوڕی لە دوای خۆی لێ بەجێماوە، کە لەمێژە سەفەریان کردووەو لە حەوت وڵاتی جیاوازن و حەوت ساڵە یەکێکیان چییە بەو ناوەدا نەهاتۆتەوە، نا، ئەو قەت نەنووستووەو خەونێکی ئاسایی ببینێ.

باوکە! من ئەمشەو لە خەونمدا لەناو هەورەکاندا ماڵێکم بۆ خۆم دروستکردبوو، دیوارەکانی هەور بوو، دەرگاکەی هەور، پەنجەرەکانی هەور. دەفڕیم و وەک پەشمەک هەورم دەخوارد، هەورێکی شیرینم بە دەمەوە بوو، باوکیشی دەیووت (تڕحێو، تڕحێو کوڕی شیرینم، تووخوا مەبە بە شاعیر لێم). جارێکی تر دەیووت (بابە! ئەمشەو لە خەونمدا پاڵتۆیەکم لەبەردا بوو لە گەڵای حەوت خەزان دروستکرابوو، دەیانووت ئەوەی پاڵتۆی وای لەبەردا بێ کە گوللەش نایبڕی قەت نامرێ. لە بازاڕێکی قەرەباڵەغدا بووم، خەڵکێکی زۆرم لێ کۆببوونەوە، منیش نازانم بۆچی دەمویست پاڵتۆکەم مەزات بکەم، هەموو هاواریان دەکرد و قوڕیان دەپێوا، دەیانووت مەکە، مەکە شتی وا نافرۆشرێ، هەندێ شت هەن لە ژیاندا کە نافرۆشرێن، ئەم پاڵتۆیەی تۆ یەکێکە لەو شتانە، ئای خوایە پارەکەی خەیاڵی بەرز بووەوە، تا ئەو بەرزتردەبووەوە، من پێکەنینم زیاتر دەهات.

باوکیشی دەیووت (ئاخ کوڕم ئاخ! خوا ئەم هەموو پارەیەی دامێ بەڵام بڕوا ناکەم بیەڵێ پشووبەم)، باوکە جارێکیان..... کوڕم واز لەم خەونانە بهێنە، چیت دەوێ بۆت دەکەم، چیت بوێ؟ بەس بیڵێ، ئەویش داوایەکی سەیری لە باوکی کرد، شتێک جیاواز لە هەموو شتەکانی تر، شتێک کە وای لە من کرد ئەم بەسەرهاتە بنووسمەوە، بینووسمەوەو بینێرم بۆ ئەو پێشبڕکێیەی کە باوک بۆ کوڕی جگەرگۆشەی کردەوە تا چیرۆک و بەسەرهاتە سەیرەکان بخوێنێتەوەو کەمێک بێزار و تێر بێت. ئەم کوڕە داوای کردنەوەی پێشبڕکێیەکی چیرۆکی لە باوکی کرد، پێشبڕکێیەک، کە ماوەی مانگێک مۆڵەتی نووسینێتی و هەر کوڕەکە خۆشی تاقە داوەر و تەنها ئەندامی بڕیاردەری لیژنە بێ بۆ هەڵسەنگاندن و دابەشکردنی خەڵاتەکان، خەڵاتی یەکەمیش هەتا بڵێی پارەیەکی خەیاڵییەو من هەر زۆر پێویستم پێیەتی، بەڵام گەر ئێستا بڵێم بۆ چیمە، نە بڕوام پێ دەکەن و نە تێشم دەگەن، بۆیە پێش هەموو شتێک دەبێ گوێ لە چیرۆکەکەم بگرن. من لەم چیرۆکەمدا دەبێ ملکەچی چەند خاڵێک بم، یەکەمیان نامەیەکی کورت بۆ کوڕەکە، نامەیەک کە تیایدا باسی ئەوە بکەم کە من چی بکەم بۆ ئەوەی بتوانم بیبەمەوە، دووەمیان چیرۆکەکە، کە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ژیانی من بێ کە بەسەرما هاتبێ، ڕاست بێ بەڵام وا بەئاسانی نەچێتە عەقڵەوە، دواجار بە کورتی دەبێ ئەوە بنووسم گەر من یەکەم بووم بەو پارەیەی کە دەیبەمەوە چی دەکەم.

## نامەیەک بۆ کوڕەکە.

ئازیز! من نازانم تۆ ناوت چییە، بەڵام هەندێ شتی سەیر و جوانم لێ بیستووی، خەونەکانتم خۆشدەوێ، هیوادارم ئەم ڕستەیەم باوکت تووڕە نەکات و لە پێشبڕکێکە نەمکاتە دەرێ. من نازانم ئەو بۆ ڕقی لە خەونەکانتە؟ من بۆ ئەوەی بتوانم چیرۆکێکی سەرکەوتوو بنووسم، دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆم لە

خەونەکانی تۆ نزیکبکەمەوە، مەبەستمە بڵێم، بۆ ئەوەی بیبەمەوە و تۆ بە دڵت بێ، دەبێ چیرۆکێک بنووسم لە ئاستی خەونەکانی تۆدا بێ و پڕ بێ لە فەنتازیا، ئای کە نووسینی چیرۆکی باش زەحمەتە، ئەوانە دەزانن کە چیرۆکی باش دەنووسن، لەوانیش باشتر ئەوانە دەزانن، کە قەت ناتوانن بینووسن. من نازانم لە کامیانم، بەڵام هیوادارم چیرۆکەکەم بە دڵی تۆ بێ و خەڵاتی یەکەم وەرگرم. هەرچەندە ئەوەشم لەبەرچاوە کە چیرۆکە باشەکان بە دەگمەن نەبێ لە پێشبرکێکاندا نایبەنەوە!.. بۆ نایبەنەوە.. نازانم؟ خۆزگە وەڵامی ئەو پرسیارەم لا دەبوو بەبێ ئەوەی کەس زویر بکەم.

## چیرۆکی تیپێکی زەبوون لە کاتێکی زێڕینیدا

ئێمە لە سەرەتای هەشتاکاندا، تیپێکی فوتبۆڵمان هەبوو، کە تەنها ساڵێک ژیا، ئەو ساڵەش ساڵی زێڕینی بوو. پلەی یەکەممان بەدەستهێنا و بۆ ساڵی داهاتوو بەهۆی نەمانی گۆڵچێکەمانەوە تیپەکەمان هەڵوەشایەوەو لەبەر خۆشەویستی و ڕێزی زۆرمان بۆ هاوڕێکەمان کەسمان جارێکی تر نەچووینەوە بەلای تۆپ تۆپێندا.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵانە کەسانێک هەن بەحاڵ وەک تەمێک ئێمەیان بیر ماوە، هەندێجار خەڵکانێک دەبینم لەملاوئەولا ڕامدەگرن و دەڵێن -کوڕە ئەو ئۆڤەرە چی بوو؟ قاچت بەری نەکەوت ئەو تۆپە چۆن بەرز بووەوە، لەوبەری شەقامەکە بۆ ئەمبەر رادەکەن و دەڵێن: ئەوە چۆن ئەو تۆپەت کرد بە ناوگەڵی سێ کەسداو گۆڵت کرد؟.

منیش دەڵێم بەخوا خۆی چوو، چونکە ئێوە ڕەنگە ئەوە نەزانن کە من ئەو چرکەیە خۆڵ چووبووە چاومەوەو هیچم نەدەبینی، سەر بادەدەن. چوار- سێ- سێ ئەو سستێمە بوو کە یاریمان پێ دەکرد و ڕاهێنەرەکەمان قەت نەیدەگۆڕی.

پێش هەموو شتێ ناچارم باسی ئەوە بکەم کە بۆیە من ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە، چونکە تەنها من و دوانی تر ماوین، کە هەردووکیان لێرە نین و ئەوانی تریش بە شتی سەیر سەیر تیاچوون و وەک شتێ خۆم بە قەرزاریان دەزانم گەر زیندوویان نەکەمەوە، من کاپتنی تیپ و گۆڵکەریان بووم، بۆیە من زیاتر پێویستم بە زیندووکردنەوەیانە، بەڵام من لێرەدا باسی خۆم ناکەم، من شاعیر نیم، ئەوە شاعیرانن کە هەر باسی خۆیان دەکەن، من چیرۆک دەنووسم، چیرۆکنووسانیش باشتر باسی ئەوانی دی دەکەن وەک باسکردنی خۆیان..

### حیکایەتی گۆڵچی

ئێمە گۆڵچییەکمان هەبوو کە لە ژیانیدا یەک گۆڵی لێ کراوە، ئەویش لەلای چەپەوە، ڕەنگبێ پێتان سەیر بێ کە بۆ من باسی چەپ و ڕاست دەکەم، بەڵام پەلە مەکەن ئەم کوڕە تەنها یەک چاوی هەبوو، ئەویش چاوی ڕاست بوو لەلای چەپییەوە هیچی نەدەبینی، کاسکێتێکی دەکردە سەری و خۆی بە بەختەوەرترین کەسی سەر ئەم ئەستێرەیە دەزانی، هەمیشە دەیووت: خوا بۆیە یەک چاوی داومەتێ تا تەنیا جوانییەکانی دونیا ببینم، چاوی چەپ بۆ بینینی ناشرینییەکانە، کە من نیمە. گەر دوو چاوم هەبوونایە، هەردووکیانم بۆ بینینی جوانی دادەنا. باوکم دەیووت خوا بۆیە تەنیا چاوێکی داویتێ کوڕم، کوڕی تاقانەی یەکچاوم! ئەوە حەقی لە من کردۆتەوە، سزای خودا بۆ من ئەوە بوو تەنها کوڕێکم بداتێ یەک چاوی هەبێ. کە پرسیاری ئەوەشیان لێ دەکرد

که سزای چی و ئەم چیی کردووە؟ دەیووت وازم لێ بێنن دڵم بە بەرێوە نەماوە. خوا دە کچی ناشرینی پێدام، کە بڕوا ناکەم کەس بێت بۆ داخوازییان، ئەم کوڕەشی دامێ کە ناچێتە عەقڵمەوە کەس کچی خۆی باتێ .

یەک چاوە تا ئەوساش کەس نەبوو بینیبێتی کە گۆڵێکی بە پەنارتی لێ بکرێ، وەک پڵنگێکی برسی چۆن پڕ بە نێچیرەکەیدا دەکات، ئەویش ئاوا خۆی بۆ تۆپەکە هەڵدەدا، هێندە بە عەشق و بە هێزەوە باوەشی بە تۆپەکەدا دەکرد، کە تا لە ژیاندا بوو دەیەها تۆپی لە باوەشیدا تەقاندووە، ئەو تۆپە وەک مینێک لە ئامێزیدا دەتەقییەوەو بە قاقا پێدەکەنی و دەیووت ئەوە چی بوو، تۆپەکە بوو؟

تا ئەو ئێوارەیەش هاتە پێشەوە، ئەو ئێوارە ناشرینەی کە شۆفێرێکی ناشرینی لۆرییەکی ناشرین لەلای چەپییەوە شێلای و دە مەتر هەڵی دا، ئەو ڕۆژە هەر لە بەیانێکەیەوە بە پێکەنینەوە خەبەری بووەوە، ماچی ناوچەوانی هەر دە خوشکە گەورەکەی کرد، بە پێکەنینەوە نانی بەیانیی خوارد، بە پێکەنینەوە نانی نیوەڕۆی خوارد، بۆ ئێوارەکەی لۆرییەکە لەلای چەپییەوە زەفەری پێ برد و شێلای، کە مەیتەکەیان بۆ باوکی بردەوە، باوکی وتی: من وتم ئەمە سزای خودا بوو بۆ من کەس بڕوای پێ نەکردم، منیش تووڕە بووم و هاوارم کرد بە سەریا، ئاخر تۆ هەر پێت نەوتین سزای چی؟

کوڕەکەم هەمیشە دەیووت کە هەندێ کەس هەن کە ڕوحی خۆیان بە شەیتان دەفرۆشن، بەڵام من چاوی چەپم پێ فرۆشتووە، لە قووڵایی دڵمەوە هەستم دەکرد کە مەبەستی من بوو، ڕاستی دەکرد، هەروا هەفتەیەک بوو تەمەنی، لەناو بێشکەکەیدا بوو نووستبوو، لەپڕ گریانێکی سەیری لێ بەرز بووەوە، کە دایکی چووبوو سەیری بکات، بینیبووی سەفتەیەک پارەی زۆر پێچراوە لە نامەیەک لە چاڵی چاوی چەپیدا بوو، نامەکە تا ئەم ساڵانەی دوایش هەر مابوو، من هەر نەمزانی چی نووسراوە و پێشانی سەدەها کەسم دا، کەس نەبوو بۆم بکاتە کوردی، ئەو پارەیەش هێندە زۆر بوو، تا دوو ساڵ بە تەواوی بەشی کردین و لە خۆشیدا هەر بیرمان چووەوە کە ئەو تەنها یەک چاوی هەیە.

## نەمانی هێڵی بەرگری

چوار کەس لە هێڵی بەرگرێکەماندا بوون، کە ڕۆژێ هەرچواریان لە جگەرخانەیەک یەکترییان بینی و یەکی چوار شیش جگەریان داواکرد و دوای نۆشینی دوا قومە ماستاو و پێش هەستانیان، بڕیاریان دا کە لە شەڕی وڵاتدا لەگەڵ دراوسێکانیدا بەشداری نەکەن و سەفەر بکەن و نەگەڕێنەوە، لە کاتی پەڕینەوەیاندا لە سەر سنوور لەمبەری لای خۆمانەوە تەقەیان لێ دەکرێت و یەکی گوللەیەک بەر تەپڵی سەریان دەکەوێت و دەکەونە شوێنێکەوە، کە لە هەموو شوێنێک دەچێ جێگا نەبێ، زەوییەکی شل و نەرم و تەڕ، کە تا ناوقەدیان نووقم دەبێ و هەرچواریان بە ڕیزی یەکەوە بە پێوە گیانیان دەردەچێ. ئەمە حیکایەتی ئەو چوار هاوڕێیەمانە کە لە کاتی هێنانەوەی مەیتەکانیاندا دوای چەند هەفتەیەک لە دەمی ئەو شۆفێرەمان بیست کە بە پیکابە قوڕاوێکەیەوە هەرچواریانی تا ناوقەد قوڕاوی هێنابووەوە و تەسلیمی مردووخانەی شاری کردبوو،

بەرپرسی مردووخانەکەش گوایە چەند شتێکی بۆ زیاد کردووەو بە دایک و باوکی مردووانی وتووە کە ئەمان گاڵتەیان بە پۆلیسەکانی سەرسنوور کردووەو لەو بەرەوە کە وایانزانیوە تازە

پەڕیونەتەوە و گرفت نەماوە، زمانیان دەرکێشاوە بە قاقا پێکەنیون، ئەوانیش تەقەیان لێ کردوون. باوکی یەکێکیان هەڵیداوەتێ و بە بەرپرسەکەی وتووە: گەر وا بوایە گوللەکان بەر ناوچەوانیان دەکەوت.. ئەویش وتبووی: من چووزانم شۆفێرەکە وای وت. من دوای چەند ڕۆژێک هاتمەوە بۆ لای بەرپرسی مردووخانەکە و بە پارەیەکی کەم ناونیشانی شۆفێرەکەم لێ وەرگرت و چووم دۆزیمەوە، لەو کاتەدا بوو کە دەیانناشت، لە مزگەوتی دێیەکە چەند کەسێک بەسەرێوە دەگریان، سوودی نەبوو چوونە پێشەوە، هەر لەولای خۆمەوە منالێکی چاوبەفرمێسکم بینی کە حەپەساو سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد و نەیانهێشتبوو بچێتە پێشەوە. لە منداڵەکەم پرسی چی ڕوویداوە؟ ئەویش بە لچکردنەوە وتی: خاڵە بەکریان کوشت،، خاڵە بەکر. منیش وتم چۆن کوشتیان؟ ئەویش بە هەنیسکی گریانەوە وتی: گوللەیەک لە دواوە بەر کەللەی سەری کەوتووە. وای وت و رایکردەوە بۆ ماڵەوە..

## سێ کەسی هێڵی ناوەڕاست

تیپی ئێمە ئەم هێڵە دەیبرد بەڕێوە، هەرچەندە من بووم زۆربەی زۆری گۆڵەکانم دەکرد، بەڵام ئەم هێڵە نەبووایە من هیچ. دوو کەس لای ڕاست و لای چەپ هێندە خێرا بوون بە لای ڕاستمان دەهووت میک و بە لای چەپیش تەیارە. بەڵام ئەوەی ناوەڕاست ئازادە چکۆل خۆی بوو ئەندازیاری بردنەوە، خۆی بوو پاشای پاسی جوان و وەزیری حۆلکردن و لێسەندن. ئەم تەیارە و میکە ڕۆژێک ڕێیان دەکەوێتە باغەکانی نزیک تەوێڵە، یەکی نامەیەک و بڕێ پارەیان پێیە بۆ دوو براکەیان کە لەبەرەی شۆڕش بوون، لەو کاتەدا دوو فڕۆکەی جەنگی ئەو ناوە بۆمباران دەکەن، هەردووکیان بە گوللەی فڕۆکەکان دەبێژرێن، ئازادە چکۆلیش تاقە کەسێک بوو لەناوماندا کە بۆ خۆشی جاروبار یاریی دەکرد، ڕۆژێ لە یاریگاکەدا دوای دوو سەعات لە ڕاهێنانی ڕۆژانەی بەسەر تۆپەکەی بەردەمیدا لە ناوەڕاستی یاریگاکەدا دەکەوێت و ئیتر هەڵناستێتەوە.

## هێڵی هێرشبەران

ئێمەی هێڵی پێشەوە ماوین، بەڵام چ مانێک! ئەوەی لای ڕاستمان ناونابوو خۆپێشاندان، ئەوەندە قسە و هاواری دەکرد هەرنەبێتەوە، لەگەڵ هەموو ڕاکردنێک و پاسێک و لێسەندنێک و هەناسەیەک و جوڵەیەک و تەسکینێک و گۆڵێکدا هەمیشە هاواری دەکرد و هوتافی دەکێشا و جنێوی دەدا، خێرا ڕاکە ترۆزی، لەولاوە هات، سەردانەوێنە، گوونی بگرە، ئەو پاسە دەڵێی چلوورەی ئەرخەوانە، کەچەڵی لامل سووتاو، بژی تیپ، بمرێ لایمەن، بەشەرەفم پەنارتی بوو، ئەمجارە پاسم نەدەیتێ چەک دەکەمە شانم، خوشکی حەکەمتان بینیووە؟!.

ئەم کوڕە لە ژیانیدا یەک گۆڵ چییە نەیکردووە، بەڵام جوانترین یاریی دەکرد، هەمیشە دەیووت: من تاقانەم لە دونیای تۆپتۆپێندا، یەکێکم لەسەر ئەم زەوییە بۆ بدۆزەرەوە کە لە هێڵی پێشەوە بێ و وەک من لە ژیانیدا گۆڵی نەکردبێ، دەیووت من هەمیشە لە خەونەکانمدا گۆڵ دەکەم، تێمدەگەن لە خەونەکانمدا، برادەرانیش گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانووت: تووخوا ئەمشەو لە خەوتا دوو گۆڵ بکە با بۆ یارییەکەی سبەینێ بە دوو _ سفرەوە دەستپێبکەین!. ئەم کوڕە ڕۆژێک بڕیاری دا و چووە دەرەوەی وڵات، لە ماوەی دوو سێ ساڵدا ئەمەندە ئەم وڵات و ئەو وڵاتی کرد کە ئێستا کەس نازانێ لە کوێیە، تەنانەت دایکە پیرەکەشی هەمیشە دەڵێ تووخوا ئەو کوڕەم بۆ بدۆزنەوە،

هەندێجار کە یەکێ بە سەردان دێتەوە دایکی پیر نامەیەک دەبات و دەڵێ ئەم نامەیەم بەرە بۆ ئەو جگەرگۆشەیەم، کە هەموو شەوێ خەوی پێوەدەبینم و زۆری بیردەکەم. ئاخر دایە گیان، لەکوێیە؟ لە چ وڵاتێکە؟ کوڕم نازانم هەموو کەس دەیناسێ، تا ئێستا سەدەها نامەی نووسیوە بەبێ ئەوەی وەڵامێکی پێ بگاتەوە، ئەوەی لای چەپیش هەر دوای نەمانی گۆڵچییەکەمان وازی لە فوتبۆڵێن هێناو خوی دایە شانۆ، لە سەرەتای نەوەدەکاندا، کە لە تەلەفزیۆنەوە کارتۆن بە کوردی پەیدا بوو، لە فیلمێکی منداڵاندا بە دەنگ دوبلاژی کەرێکی بەرکەوت، یەکێک بوو لەو کەرە خۆشەویستانەی کە هەموو منداڵانی شاری ئێواران خەنی دەکرد، ئیدی هەر بە کەرە کەرە بانگیان دەکرد، بۆ گەورەکان نازانم، بەڵام منداڵان لەبەر خۆشەویستی وایان پێ دەگووت، هەر شەش ساڵ بەرگەی گرت، شێت بوو، دایە شاخەکانی ئەزمەڕ، دەڵێن هەندێجارِ بە سواری کەرێکەوە لەملاولا دەیبینن، تۆپێکی فشی لە کەرەکەی بەستووەو سڵاوێک دەکات و دەڕوات، من ماوەیەک هێنامە لای خۆم، بەڵام بێسوود بوو، زوو زوو وندەبوو. لەلای دایک و باوکیشی خۆی ناگرێ، بەڵام هەچ کاتێ بمەوێ دەتوانم بیدۆزمەوە، ئەمە بەسەرهاتی تیپەکەمان بوو، بەسەرهاتێک کە چارەنووسی من بوو گێڕانەوەی،

چارەنووسی من بوو زیندووکردنەوەی یەکە بە یەکەی ئەندامانی، ئەندامانێک لە شوێنێ، لە شوێنەکانی یادەوەریمدا هەروەکو جاران کۆدەبینەوە و یاری دەکەین و پڕین لە ژیان، ئەگەر منیش لە پێشبڕکێکەدا بردمەوە، ئەوا بە پارەکەی دوو کاری زۆر گرنگ دەکەم، یەکەمیان هێنانەوەی کەرە گیانە بۆ شار و بردنی بۆ لای دوکتۆرێکی دەروونی بۆ ئەوەی چاکبێتەوە، تازە دوکتۆرێکی زۆر باش لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتۆتەوە، هەرچەند زۆر گرانە، بەڵام گەرەنتی چاکبوونەوەی نەخۆشەکان دەدا ئینجا پارە وەردەگرێت، دەڵێن ئەم دوکتۆرە نەک کەر، بەڵکو دیناسۆریش چاکدەکاتەوە، بۆیە وێنەی دیناسۆری لەسەر عیادەکەی دروستکردووە. بە بەشێکی تری پارەکە، دەمەوێ بچم بۆ دەرەوەی وڵات و خۆپێشاندان بدۆزمەوەو بیهێنمەوە بۆ لای دایکە پیرەکەی، کە کاتێکی کەمی ماوە و هەمیشە کە من دەبینێ ماچم دەکات و دەڵێ بۆنی ئەوت لێ دێ، ڕەنگی ئەوت گرتووە، قەت ناوی ناهێنێ و هەمیشە دەڵێ ئەو، هەرچەندە دۆزینەوەی ئەو ئاسان نییە، بەڵام ماوەیەک پێش ئێستا ڕاهێنەرەکەمان کە هەر دوای نەمانی گۆڵچێکەمان ئەویش وازی لە ڕاهێنەری هێنا نامەیەکی لە برادەرێکەوە پێ دەگات، لە دەرەوەی وڵاتەوە، لاپەرەی ڕۆژنامەیەک کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێ، لە بەشی وەرزشدا باسی پەناهەندەیەک دەکات کە لە تەمەنێکی کەمێک گەورەدا بۆ یاری، باشترین یاریزانی هێڵی پێشەوەیەو بە گوڕ و تینی هەموان سەرسام دەکات، ئەم کوڕە لە پلەی چواری یانەکاندا یاری دەکات و تاقە کەسێکە کە لە پلەی چواردا بێ و پارە وەربگرێ و تا ئێستاش لەژیانیدا گۆڵی نەکردبێ!، گەر ئەوە ئەو بێ دەچم دەیدۆزمەوەو دەیهێنمەوە، هەر دەبێ ئەو بێ، چونکە ڕۆژنامەنووسەکە لە دوا پرسیاریدا لێی پرسیووە: تا ئێستا لەژیانتا گۆڵت نەکردووە، ئەی تۆ کەی گۆڵ دەکەیت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: من تەنها لە خەونەکانمدا گۆڵ دەکەم، تەنها لە خەونەکانمدا!